# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.


**10 Maart. 2019 No. [41]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807


**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**


پارتێکی ڕاستڕەوی نوێی هۆڵەندی ئۆپۆزیزسیۆن دژی کۆچبەرانی بێگانە، ڕێژەی دەنگەکانی بەرزدەبنەوە.. ... ل 1 .

سیاسەت بەهەشتی درۆیە....کێر– د٠ یان چەقۆ نوسینی: سیروان ڕەحیم ، ل 2. دیدی مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت بەرامبەر زانست و ئەکادیمیا پ.د.زاهیر لەتیف کەریم – ل 3 و 4.

لۆبیکردن لە ڕێگای خۆڕێکخستنەوە، نوسینی ئیبراهیمی مەلازادە... ل 4.

هەولێری ڕەش یا ڕەنگاوڕەنگ، نوسینی دانا هەڵەبجەیی، ل 5

نهێنی لۆچەکانی ڕوخسار* موزەفەر عەزیز– ئەڵمانیا.. ل 6

لە یادی مامۆستا سەلام مەنمی دا، نوسینی م ئارام و نوسینێکی گۆران مەریوانی ل 7

هونەرمەندی شێوەکاری کورد
هیوا عەبدوڵڵا...ل8




KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

10 April 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
41 ژمارە
10 ئەپریلی 2019

# پارتێکی ڕاستڕەوی نوێی هۆڵەندی ئۆپۆزیسیۆن دژی کۆچبەرانی بێگانە، ڕێژەی دەنگەکانی بەرزدەبنەوە..

بە هۆی ئەو تەقەکردنەی مانگی پێشووی ناو ترامەکەی شاری (ئوترێخت)ەوە، کە بووە هۆی کوشتنی سێ کەس و بریندارکردنی چەند کەسێکی دیکە.

پارتی فۆرم بۆ دیموکراسی (FrD)، دەبێتە گەورەترین حیزبی براوەی بەشدار، لە ئەنجومەنی هەرێمەکانی هۆڵەندا.

تییري بودیتون سەرۆکی پارتەکە، ڕایگەیاند دوو ڕۆژ پاش هێرشە تیرۆریستییەکەی ئوترێخت، ئاماژەکان دەریانخست، ڕێژەی بەرزبوونەوەی دەنگەکانی حیزبی فۆرم بۆ دیموکراسی زیادیان کردووە و حکومەتی ناوەندی ڕاستڕەو، زۆرینەی خۆی لە ئەنجومەنی شاروانییەکان لەدەستداوە.

پارتی فۆرم بۆ دیموکراسی (FrD)، دژی کۆچبەران، نەخشەیەکی ئەوتۆیی کێشاوە، کە بتوانێت زۆرترینی دەنگەکانی پەرلەمانیش بباتەوە. لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی هەرێمەکانی هۆڵەندا ڕێکەوتی 2019-02-20 ئاماژەکان دەریانخست کە 60% ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، ئەمەش وادەکات ئەم حیزبە نوێیە، دەبێتە حیزبی یەکەم و گەورەترین بەشداربووی ئەنجومەنی هەرێمەکان، لەسەر ئاستی پارتەکەی سەرۆک وەزیران مارک ڕوتە لە حیزبی VVD پارێزگار.

ئەمەش لە ئەنجامدا وادەکات هاوپەیمانی حیزبەکەی ماک ڕوتە پێویستی بە پاڵپشتی دەرەکی دەبێت بۆ بەیاساییکردنی بڕیارەکانیان. چاودێران و شارەزایان لەو باوەڕەدان لەدەستدانی زۆربەی دەنگەکانی هاوپەیمانی ڕاستی میانەڕەو لە ئەنجومەندا، دەگەڕێتەوە بۆ هێرشەکەی ئوترێخت و گۆڕانی مەیلی دەنگدەران بە لای ئەم پارتە نوێیەدا، بۆ دژایەتی کردنی کۆچبەرانی بێگانە. چاوەڕوان دەکرێت حیزبەکەی Rutte's VVD مارک ڕوتە لە 13 کورسییەوە ببێت 12 بە کورسی لە ئەنجومەندا لە کۆی 75 ئەندام و کۆی گشتی هاوپەیمانێتی دابەزێت لە 31 کورسییەوە بۆ 38 کورسی.

ئەنجومەنی پیرانی پەرلەمانی هۆڵەندی بەرپرسە لە پێداچوونەوەی ئەو کارنامەیەی، کە ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری لێدەدەن.


Thierry Baudet

شایانی باسە لە پاش وەرگرتنی سەرۆکایەتی دونالد ترامپ بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا، تییري باودیت سەرۆکی پارتی فۆرم بۆ دیموکراسی (FrD)، جەختی لەسەر لە پێشینە و یەکەمینی بابەتەکانی ڕۆشنبیری و ئابوری هۆڵەندییەکان کردۆتەوە، لە پەیرەو پڕۆگرامی حیزبەکەیدا.

تیری هنری فیلیب باودیت لە شارۆچکەی هیمستید نزیک هارلیم، لە (1983-01-28) لە دایک بووە، وەک سیاسیی، بیرمەند، نوسەر و پارێزەرێکی هۆڵەندی. ساڵی 2015 یانەی دیموکراسی (FvD) دامەزراند و پاشان کردی بە ناوەندێکی توێژینەوە. ساڵی 2016، FvD گۆڕی بۆ پارتی سیاسی و خۆی بوو بە سەرۆکی سیاسی حیزبەکە. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 2017، بووە خاوەنی کورسییەک، لە ئەنجومەنی نوێنەراندا و لە مارتی ئەو ساڵەدا بوو، بەسەرۆکی گشتی پارتی بەرەی بەرگری لە دیموکراسی.

باودیت پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئامادەیی، لە ساڵی 2001 دا لە زانکۆی ئەمستردام، قوتابی بووەلە بەشی مێژوو، ساڵی 2002 خوێندنی قانونیشی لەگەڵدا دەخوێند، ساڵی 2006 بڕوانامەی ماجیستێری لە قانون و بەکالۆریوسی لە مێژوودا وەرگرت، بەسەرپەرشتی پول کلایتور و ڕوجر سکروتون.

باودیت نامەی دکتۆراکەی ساڵی 2012 بەناونیشانی (هێرش بۆسەر دەوڵەتی نەتەوەیی) و"گرنگی سنور" (بەزمانی ئینگلیزی) پێشکەش کردووە.

# سیاسەت بەهەشتی درۆیە...کێر- د- یان چەقۆ






ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە و زویربوونی سیاسیگەل لەم قسەیە بێکەڵکە و شتێک لە ڕاستیی قسەکە ناگۆڕێت. لە شوێنێکیش درۆ هەبوو، پێکەنۆک "نوکتە" بەشێوەیەکی خێرا و داهێنەرانە پەرەدەستێنێت. هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا، بوون بەهۆکار بۆ داهێنانی گەلێک پێکەنۆکی نوێ و هەروەها بوون بەهۆکاری ئەوەی ئێمەیش هەندێ شتی خۆش و پڕ واتا، هاوکات ببیستین، بخوێنینەوە و هەروەها منیش هەندێ شتی دێرین بێنەوە بیرم. یەکێک لە قسەخۆشەکان کە لە تۆرگەلی جڤاکی بە زمانی تورکی بڵاوکرابووەوە، وەها بوو: "لە ئانکارا سیاسییەک داوای لە خەڵکەکە دەکرد دەنگ نەدەن بە بێشەرەفان. سوپاس بۆ خەڵکەکە بە قسەیان کرد." هەندێ نوکتە هەن، بەڕاستی دەیپێکن. دەیپێکن و بە تەنها ئەوە نییە خەندە بە مرۆڤ ببەخشن، بەڵکو دەیخەنە بۆتەی بیرکردنەوەیشەوە. بێگومان ئێوەیش دەیزانن سەرۆکێک نابێت بەو جۆرە قسە بکات و کەرەستەکانی دەربڕینی وەها بن، دەبوو دەوروبەرەکەی یان ڕاوێژکارە نزیکەکانی بەگوێیدا بچرپێنن: "قسەکردن بەو جۆر و شێوازە دەتکات بە کەرەستەی پێکەنین و شۆخی، گەر وا بپەیڤیت دەبیت بە سەرچاوەی نوکتە." ئەو کە بەردەوام لە گوتارەکانیدا دەڵێت: "خوا یار و هاوکارمان بێت". یەکێک نووسیبووی: "بهێڵە خوا یار و هاوکاری ئێمە بێت، ئەی تۆ هاوکاریی ئەمەریکا، ڕوسیا و ئەوروپا تێرت ناکەن؟ "پێکەنۆک سنور ناناسێت، هەموو کولتور و زمانێک بەپێی سروشتی خۆی پێکەنۆک و ئیرۆنی هەس. لە هەندێ شوێنی ئەوروپا ناویان لە تێرێزا مەی، سەرۆکوەزیرانی ئێستای بریتانیا ناوە، تێرێزا ئاپریل. دیارە بەهۆکاری برێکزیتەوە ناوەکەیان بۆ داهێناوە، بەڵام خاڵی گرنگی نوکتەکە گەڕانەوەیە بۆ پەیوەندییەک بە درۆی ئاپریل "نیسان"ەوە، پەیوەندی بە پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی درۆوە. لە نێو کوردیشدا پێکەنۆکی سیاسی یەکجار زۆرن، ڕەنگبێ لە یەک یان لە دوو کتێبدا تۆمارکردنیان مەیسەر نەبێت. پێکەنۆکی سیاسی چەکێکی ئەفسوونکارە. هاوکات ئەو چەکەیشە هەرگیز دەسەڵاتدار ناتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت. چەکێک تەنانەت دوای سەرکەوتنی چەوسێنەرانیش هەر کارایە. لە وەڵاتانی ئەوروپا، لە عێراقی سەدام حوسێن، لە عێراقی ئێستا، لە ئێران، لە میسر و لە زۆر شوێنی تر، نوکتەی سیاسی لە کەرەستە گرنگەکانی ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوەن، بەجۆرێکی زۆر کاریگەر و خێرایش لە نێو خەڵکدا بڵاودەبنەوە، ئەوەیشە وای کردووە دەسەڵاتداران لێیبترسن و هەم زۆریش پێی قەڵس بن.

لە هەندێ شوێنی ڕۆژهەڵات و جیهان دەسەڵاتدار و سەرۆکە نەخۆشەکان ئیتر خۆیان بوون بە نوکتە. بوتەفلیقەی جەزایر یەکێک لەو کەسانەیە. دەڵێن جارێک سەدام حوسێن، لە پارێزگاری بەغدا دەپرسێت: سەمیر سەعات چەندە؟ ئەویش وەها وەڵامی دەداتەوە: جەنابی سەرۆک حەز دەکەن سەعات چەند بێت! ئەوە نوکتەی بەغدایەکانە کە لە دروستکردنی نوکتەدا داهێنەرن. ئەو پارێزگارە ناوی سەمیر شێخلی بوو، بێگومان یەکێک بوو لە کۆیلەکانی سەدام. خۆشترین نوکتەی ئەو سەرۆکانە ئەوەیە، کە باس لە دیموکراسی، مافی مرۆڤ و خاوێنی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن. لە ڕۆژگاری هەڵبژاردندا لە کۆمارێکی ئیسلامی، هەندێ لەهەوادار و هاوکارانی حیزب و بەربژێران دەڵێن: "ئەوەی دەنگ بە فلان لایەن و کەس نەدات لە فلان خەلیفە سوکترە. ئەوانی تر دەڵێن: نەخێر بە پێچەوانەوە، ئەوانەی دەنگیان بداتێ لە فلان خەلیفە سوکترە". کوردێک کە گوێی لەو دیالۆگە "مۆدێرنە" دەبێت، دەڵێت: یارۆی خەلیفە تا ئێرە و بەس، ئیتر منیش ناتپارێزم. کرماشانیگەل بەناوبانگن بە قسەی خۆش، هەڵبەتە "وە زوان شیرین" خۆیان نوکتەگەلیان فرە خۆشترە. کرماشانییەک لەبەر ئەوەی لە ڕەمەزاندا لەسەر شەقام جگەرەی کێشاوە، دەیگرن، هێزەکانی دەوڵەت هەم خۆیان لێی دەدەن و هەم داوا لە خەڵکیش دەکەن لێی بدەن، چونکە "لێدانی خێرە و هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت". پانتۆڵ لە پێی کابرا دادەکەنن و لە نێو بازاڕ بەردەبنە گیانی. پاشئەوەی لە لێدانی ماندوو دەبن و وردە وردە دەستهەڵدەگرن، کابرای کرماشانی خەریکە پانتۆڵەکەی هەڵدەکێشێت و بەدەم ئەو کارەوەیش دەڵێت: "ئەگەر کەسی تر بە تەمای چوونە بەهەشت نییە، دەرگای بەهەشت دەبەستم؟". مەلایەک ستەمی لە فەقێیەک کردووە. فەقێیەک کە تەمەنی زۆر لە ژێرە و هێشتا منداڵە. یارۆی مەلا کێردی نەداوەتە دەستی فەقێکەوە یاری پێبکات، بەڵکو شتێکی تری پێداوە، شتێک زۆر نزیک لەو پەیڤەی پێشوو، بێ "د"ەکە . دایکی فەقێ بەمە دەزانێت، سکاڵا لەسەر مەلا تۆمار دەکات و دەیدات بە دادگا. لەدادگا پاش ئەوەی مەلا لە لایەن داواکاری گشتی و دادوەرەوە سەرکۆنە دەکرێت، لێی دەپرسن: "بۆچ وات کرد، ئەو منداڵە ئامانجی خۆی و ماڵباتەکەی ئەوەیە لە کن تۆ فێری زانستی ئاینی ببێت". یارۆی مەلا لە بەرسڤی داواکاری گشتی و دادوەردا دەڵێت: "ئێوەیش سەیرن، ئێ چ بدەمە دەست منداڵێکی وەها یاری پێبکات و خۆی پێ سەرقاڵ بکات؟ چەقۆ باشە؟ چەقۆ؟ خۆی بریندار بکات و دەستی خۆی ببڕێت؟". ئستییەکە لە ڕۆژهەڵات و لە زۆرێک شوێنی تری ئەم دونیایە، ژمارەی ئەو سەرۆک و سیاسەتبازانە کەم نین، کە بەتەواوی بڕوا و قەناعەتەوە، پێیانوایە کە دەبێت لەبری چەقۆ شتی تر بدەنە دەستی خەڵک و داویشیانە، دیارە لە بڕوای ئەواندا ئامانجەکە ئەوەیە "دەستی خۆیان نەبڕن"!

مەبەست و ئامانجی ئەوان ئەوەیە کەس دەستی خۆی نەبڕێت، خەڵکیش ئەو مەبەست و ئامانجەیان بەردەوام دەکەن بە هەوێن بۆ دروستکردنی پێکەنۆک.

---


بە پرسکردن بە (کاک سیروان ڕەحیم) خۆی، لە واڵی بەڕێز (کاک بەکر شوانی)ەوە وەگیراوە.

# دیدی مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت بەرامبەر زانست و ئەکادیمیا

## پ.د.زاهیر لەتیف



هەتا ئەمڕۆکە مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت، وەک سیاسەتمەدارێک و مێژوونوسێکی سیاسی پێناسە دەکەین، بەوپێیەی لەلایەکەوە دەرچووی بەشی مێژووی زانکۆی بەغدا بوو. لەم ڕووەوە چەندین نوسین و کتێبی بەنرخی هەیە، کە لەسەرجەمیاندا وردەکارییەکی بۆ ئەرشیفە مێژوویی و فیکری و سیاسییەکان کردووە و نەهاتووە تەنها ڕووداوەکان وێنە بگرێت. جوانترین نموونەش کتێبە بەنرخەکەیەتی بەنێوی"دەوڵەتی جمهوری کوردستان". لەلایەکی تریشەوە مەسەلە سیاسی و فیکرییەکانی کورد بەدرێژایی زەمەن، بەتایبەتی زەمەنی هاوچەرخ، تەواو چووبووە نێو بیرکردنەوە سەرەکییەکانییەوە و لەم ڕووەوە ڕاستەوخۆ بەشدارییەکی نموونەیی کردووە، لەنێو ئەو زەمەنانەدا جێگەی زانست و ئەکادیمیاشی کردبۆوە و وەک پسپۆڕێک دەیڕوانییە چەمکی بەئەکادیمی بوونی مەڵبەندە فێرکاری و زانستییەکان. لەپێناو هەڵسەنگاندنێکی ڕۆشنبیری و زانستیدا، وەک ئەوەی مامۆستا بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی قورسی ئەو بازنانە، ڕۆژێکیان پرسیارێکی زۆر فزلۆلیم لێ کرد سەبارەت بەڕۆڵ وپێگە و ئاستی زانستی وئ ەکادیمی زانکۆکانی هەرێم. ئەم هەڵسەنگاندن و پرسیارەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کەسیاسەت بەتایبەتی لەنیوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، کاریگەری تەواوی لەسەر ئاستەکان، بەشێوە نێگەتیڤەکەی، هەبووە و هەیە. لەوەڵامدا و بەشێوازێکی زۆر لەسەرخۆ گوتی" جیاوازییەکان لەنێوان ئێمە و ئەوانێکی جیهانیدا زۆر گەورەیە و پڕ کردنەوەی تەنها لەئەستۆی کردار ناسەکانە کەتەنها بەخودا ئەنجام دەدرێت. ئەوان تەواو سودیان لەشارستانییەتە جیاوازەکان وەرگرتووە، بەنموونەی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا، هیندستان، گریک، ڕۆمان و تەنانەت دەوڵەتی ئیسلامی. ئێمەی کۆن و ئێستا نەک هەر سودمان لەو شارستانییەتانە وەرنەگرتووە، کە دواتر بوونەتە دامەزراندنی چەندین زانکۆ و مەڵبەندی زانستی لە جیهاندا، بەڵکو سودیشمان لەخۆشمان نەبینیوەوە، وەک کاریگەرییەکانی خانەقا، مزگەوت، حوجرە و مەلا هەڵکەوتووەکانی کورد، دواتر گوتی: گەر شتێمان لەڕووی ئەدەبی وڕۆشنبیرییەوە ئەنجام دابێت، ئەوا گەورەییەکە دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی ڕابردووی خانەقا و مزگەوتەکان، کەشێوازی فێرکردن تیایدا هاوشێوەی زانکۆکانی جیهان بوو." سستمی فرە سەرچاوەیی، سیمنار، گەڕان، خولیا و ئارەزوەکان تەواو پەیرەو دەکرا. مەولانا، نالی و مەحوی ڕۆڵی کەلە بیرمەندەکانی ئەوروپایان دەبینی". مامۆستا هۆکارە سەرەکییەکەی دابڕان و تێکشانی دەگەڕانەوە بۆ نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی جێگەیی و جوگرافی، کەنەیتوانیوە سود لە ئەزموونەکان وەربگرێت. کورد هەمیشە سەرقاڵی ململانێ، ڕاونان، گرتن، کوشتن و دوورکەوتنەوە بووە، فریای خوێندنەوە نەکەوتووە. لەگەڵ ئەمەشدا و لەدوای دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی لەساڵی 1968 مامۆستا هیوایەکی لادروست ببوو، بەوەی ئەم زانکۆیە دەبێتە چەقی بیرکردنەوە زانستی، ئەکادیمی، فەلسەفی و مەعریفییەکان لەناوچەکە. داخستن و ڕاگواستنەوەی زانکۆکە، لەیەن ڕژێمی بەعسەوە هیواکانی مامۆستای زیندەبەچاڵ کرد.



بەڵام هەر وەک خۆی گوتی"لەدوای ڕاپەڕین و گەڕانەوەی زانکۆی سلێمانی و دامەزراندنی چەندین زانکۆی تر، زانکۆکان تەواو گەشەی کرد و خاوەن دەسەڵاتە ئەکادیمییەکان زانکۆیان دەبرد بەڕێووە. ئەمەش جۆرێک لە گەشبینی بەخشی بوو به مامۆستا. لەگەڵ ئەمەشدا جارێکی تر ڕەشبینییەکان بەرۆکی مامۆستای گرتەوە و گوتی " گەر هێزی دەسەڵات و دەست تێوەردانی حیزبی دوور نەکەوێتەوە، لە کەمپی زانکۆکان، ئەوا زانکۆکان نەک هەر ڕۆڵیان نامێنێت، بەڵکو تەواویش تێک دەشکێن". ئەمانە ئاماژەیەکن بەوەی مامۆستا دەزانێت گەشە و دارمانی زانکۆ بەچییەوە بەندە. لێرەدا ڕەنگە سوودی لەبۆچوونە هەڵوەشاندنەوەکەی درایدای بینیبێت لەکاتێکدا درایدا دەڵێت: ستراتیژییەت و نەخشەی سەردەم توانای ڕەتکردنەوە و دامەزراندنی یاسا و ڕێساکانی هەیە، لەوێشەوە گۆڕانکاری بەسەر بونیادی مەسەلەکاندا دێت، بەنموونەی زانست، ئەمەش تەنها تێڕوانینێکی سادەی سیاقی و مێژوویی نیە بۆ چەمکی زانست و ئەکادیمیا، بەڵکو ئاماژەیەکی تێگەیشتن و خوێندنەوە جدییەکانە بۆ ئەو چەمکانە. مامۆستا جارێکی تر، زۆربەی ئەم وەڵامانەی بەشێوازی نووسین لەپێشەکی کتێبەکەی برای بەڕێز سالار مەحمود بەنێوی "زانکۆ و کۆمەڵگە" بڵاوکردەوە، کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بەچاپی گەیاندووە.

بڕوانە ل 4


## پاشماوەی نوسینەکەی پ.د.زاهیر لەتیف کەریم دەربارەی مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت بەرامبەر زانست و ئەکادیمیا

لەهەموو ئەمانەدا دەگەین بەو ئەنجامەی، کە مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت تەنها مامۆستایەکی ئاسایی فێرکاری و مێژوو نەبوو، بەڵکو خوێندەوارێکی بەسەلیقە بوو، لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی خوێندن و ئەکادیمیای زانکۆکانی ئەوروپا و جیهان بوو. شارەزاییەکی باشی لە پێکهاتە زانستی و ئەکادیمیاکان هەبوو. لەبۆنەیەکدا پێی گوتم گەر لێکۆڵینەوەیەک چارەسەری کێشەیەک نەکات ئەوا ئەو لێکۆڵینەوەیە هیچ بەهایەکی نابێت و تەنها ئامادەکردن و نمایشە بۆ مەبەستی تایبەت. هەر لەبەر ئەمەش بوو دەیگوت مامۆستای زانکۆ دەبێت داهێنەر بێت، نەک لاسایکەرەوە. پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیاکانی کوردا زۆر بەهێز بوو، کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کورد کەلەلایەن دکتۆر کەمال خۆشناو و بەندە و چەند ئەکادیمییەکی تر، لەهەولێر دامەزرا، وەک ئەکادیمییەک دەیڕوانییە مامۆستا مەحمود. زۆر دڵی بەم ئەکادیمیایە خۆش بوو، چونکە بەلای ئەو و ئێمەشەوە ئاڵتەرنەتیڤێکی هەرە بەهێزی زانکۆکان بوو، بەتایبەتی لەزەمەنی خۆکوژییە لەیادنەکراوەکەدا. لەمڕووەوە حەزی بەتێکەڵبوونی کەسە ئەکادیمییەکان دەکرد، زۆر جار دایەلۆگ و گفتوگۆی ئەدەبی و زانستیمان بەیەکەوە ئەنجام دەدا و خودی خۆشم سودێکی ئەزموونی گەورەم لێوە بینیوە و دەبینی. لەڕۆژی کارترازاندنم لەپۆستی ڕاگرایەتی کۆلێژی زمان,لەڕۆژی 2001/9/22 ، بەڕێزیان وەک ڕێزلێنانێک بۆ ئەرک و ماندوو بوونم، بەشداریان لەو مەراسیمەدا کرد، کەپێشتر و بەڵکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو شێوازی بەشدارییەم بەچاوی خۆم لەهیچ جێگەیەک نەدیووە .هەر لەوێدا گوتەیەکی بەنرخی لەسەر ئەرک و کارنامە و و ستراتیژییەتی زانکۆ و ئەکادیمیا پێشکەش کرد. دواتر نامەیەکی تایبەتی خۆی پێشکەش کردم، کە ئەم نامەیە هەتا ئەمڕۆکە پارێزراوە و ڕۆڵی میدالیایەکی زێڕین بۆ من دەبینێت. لەنامەکەیدا وێڕای دەست خۆشی لەئەرک و مانووبونم لەماوەی کارکردنمدا بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە، هانی نووسینی زیاتری دام. بۆیە بەش بەحاڵی خۆم، لەمڕووەوە زۆر قەرزاری بەڕێزیانم. بەمەش مامۆستا مەحمود بە بەردەوامی سەرچاوەیەکی بەنرخی زانیارییەکانمە و ئامۆژگارییە فیکری و سیاسی و ئەدەبییەکانی هەمیشە لەناخمدا بەجێگیری دەمێننەوە.

لە سایتی: ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی "خاک تیڤی" وەرگیراوە لەسەر ڕاسپاردەی بەختیاری مەلا عیزەت.

## لۆبیکردن لەڕێگای خۆڕێکخستنەوە

### ئیبراهیمی مەلا زادە



گەورەترین کارێک کە کورد بیکات، خۆڕێکخستنە لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکان و دەرچوونە لەو سەرگەردانی و پەرتەوازەییەی کە تێی کەوتووە، بەڵام کێ دەیکات و چۆن دەکرێت؟ خەڵکی سەربەخۆ بیکات، یا حیزبەکان ئەو کارە بکەن، گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە ستراتیژیەتێک بۆ ئایندە جێبەجێ بکرێت، ئەویش لەڕێی لۆبیکردنەوە.. حیزبە کوردییەکان تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، هەر خەریکی لاواندنەوە و خۆنزیککردنەوە بوون، لە خەڵکی ئەوروپی ناو پەرلەمانەکانی ئەوروپا، لە سیاسییە ئەوروپییەکان، بەڵام سەد سیاسی و پەرلەمانتاری ئەوروپی ناتوانن جێگای کوردێکی بەتوانا بگرنەوە، کوردێک بتوانێت بگاتە پێگەیەکی باڵا، لەناو پەرلەمانەکان، یا دامەزراوەکانی دەوڵەت یا تەنانەت حیزبەکانیش، بەتایبەتیش لەو وڵاتە ڕۆژئاواییانەی، کە کاریگەرییان لەناو خەڵک و لەسەر حکومەتەکان و لەناو پەرلەمانەکاندا، هەیە. ئەوەش لەبەر هۆکارێکی سادە، ئەویش؛ کەسێکی بێگانە هەرگیز وەکو کوردێک هەست بە ئێش و ئازارەکانی خەڵکی کورد ناکات لێشی تێناگات. ئەمەش لەڕێی ستراتیژیەتێکی دە تا پازدەساڵی دەبێت. خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، خۆیان بخزێننە ناو حیزبە ئەوروپییەکان و دەست بەچالاکی بکەن، بۆ ماوەی دە تا پازدە ساڵ بەدەیان سیاسی کوردمان لەشوێنی گرنگدا دەبن، بەڵام بەچەند مەرجێک:

یەکەم: ڕێکخراو بن، واتە نەک هەر یەکێک لەکونێکەوە بچێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێکخراو و هاوسەنگ بەسەر حیزبەکاندا دابەش بن.

دووەم: حکومەتی هەرێم، یا کۆردیناسیونێکی سەربەخۆ لەپشتەوەی ئەوکارە بن

سێیەم: بودجەیەک بۆئەو کارە تەرخان بکرێت. بودجەیەک کە لەوانەیە زۆر کەمتری بوێت لەو پارەیەی کە بەو سەرزلانە دەدرێت کە هیچییان بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نەکردووە. تەنها ئەزموونی ڕیفراندۆم دەریخست کە ئەوانە یەک پوشکە کاریگەرییشییان بەسەر بڕیاری سیاسی ئەوروپییەوە نەبوو. نەبوونی کاریگەریش، لەبەر ئەوە نەبوو کە کورد بەناودۆستی کەمن، بەڵکو لەبەر دوو هۆکار بووە:

١. بەشێک لەوانە تەنها مشەخۆر و گەندە و سیاسی شکستخواردوون و تەنها لەبەرچاوی ئێلیتی سیاسی کورد بوون بە فسفسپاڵەوان.

٢. بەشێکیش لەوانە بەئەژەندای سیاسی خۆیانەوە لەکورد نزیک بوونەتەوە و دیوی ناوەوەیان شتێکی دیکەیە.

بۆیە، هەرهیچ نەبێت با هانی دایک و باوکان بدرێت، کە هانی منداڵەکانییان بدەن تێکەڵی حیزبە سیاسییەکانی ئەوروپا بن، جێگای خۆیان بگرن. لۆبیکردن لەڕێی خەڵکی کوردەوە، کە بگەنە پێگە هەستیارەکان هەم بۆ کورد و هەمیش بۆ کەسەکان خۆیان گرنگە. ئەو کەسانەی دەگەنە ئەو پێگە سیاسییانە، ئەگەر بەرژەوەندی حیزبە کوردییەکانیش نەپارێزن، بەرژەوەندی خەڵک و خاکییان دەپارێزن. هەرهیچ نەبێ ڕێگە لەزیانگەیاندن بە کورد دەگرن. هەرهیچ نەبێت بۆخۆیان سوودمەند دەبن.


# هەوکێری ڕەش یا ڕەنگاوڕەنگ

## دانا هەڵەبجەیی



لە 2019/4/5 فێستیڤاڵی ڕەنگەکان لە هەولێر سازکرا و بە دەیان هەزار لاوی ڕەنگاوڕەنگ بەشداری کرد، بەڵام هەر وەک خووە هەمیشەییەکانی هەندێک بانگخواز، کە تێکەڵاوی هەموو ورد و درشتێکی ژیانی کۆمەڵگە دەبن، زمانیشیان لەم بۆنەیەدا سواند، و بە چەپ و ڕاست بەشداربوانیان کافراند. ئەم جەژنە لە بە درێژایی 2600 ساڵە لە هیندستان پەیڕەودەکرێت و وڵاتانی نیپاڵ و پاکستان، بەنگلادش و سریلانکاش سازی دەکەن، و لە ئەورووپاش هەندێ شار هەمان ڕەنگوەشێن دەکەن. جەژنی ڕەنگ، جەژنی هولی و جەژنی عەشقیشی پێ دەڵێن، هەموو ساڵێک لە سەرەتای بەهاردا لە 8 ی نیسان ئەنجام دەدرێت، لە زۆربەی وڵاتانەوە، تۆریستی بێگانە ڕوو لە هیندستان دەکەن بۆ بەشداری ئەو جەژن و ئاهەنگە، کە دوو ڕۆژ دەخایەنێت. هەرچەند ئەم جەژنە هیندۆسەکان وەک ئەکسێپتێکی ئەفسانەیەیی ساڵانێکە بەرپای دەکەن، بەڵام مانا و ئاماژەکانی خەریکە جیهانگیر دەبێت، کە مانای کۆتایی سەرما و تاریکیی زستان و هاتنی ڕەنگەکانی بەهار دەبەخشیت، هەر بۆیە ڕەنگ و ڕەنگئاو بەسەر یەکدا دەپژێنن.

هیندستانێک کە ملیاردێک و نیو هاوڵاتیی تێدادەژی و دووەم وڵاتی جیهانە لە ڕووی دانیشتوانەوە و 118 ئایین و 23 زمانی تێدایە، بە بەهێزترین وڵاتی دیموکراسی ئەژمێر دەکرێت. لە سەر دراوەکەیان کە ڕوپییە یە 15 زمانی جیاوازی تێدا نوسراوە، یەکێکن لە کۆنترین شارستانییەکانی سەر زەوی. ئەم میللەتە ئەوەندە تۆلەرانس و لێبوردەن لەناو یەکدا، لەبەر ڕێزی ئایینەکانی یەکتر، هەموو بەشداری ڕێوڕەسم و جەژنە ئایینەکانی یەکتر دەبن، تەنانەت گاورەکان گۆشتی بەراز و مانگا ناخۆن لەبەر ڕێزی موسڵمان و هیندۆسەکان، هەروەها موسڵمانیش گۆشتی گا ناخۆن لە بەر هیندۆستەکان و بە پێچەوانەوە هەموو ڕێز لە یەک دەگرن. ئەم وڵاتە بە قەد ژمارەی هەموو موسڵمانی جیهان، خەڵکی تێدا دەژی و شانی کە س بەر کەس ناکەوێت، هەمیشە سەرقاڵی سەما و موزیک، جەژن و خۆشین سەرڕای هەژاریی زۆربەی زۆریان. چەند ژارپژێنێکی کوردزمانی عەرەب ئایدیا هاتوون، بۆ ئەوەی بەهەشتی ئەو دنیامان بۆ مسۆگەر بکەن، خەریکە ئەم دنیایەمان لێدەکەن بە دۆزەخ. ئەمانە لەبەرئەوەی هەگبەکەیان بابەتێکی زانستی و سەردەمییانەی تێدا نییە و گوتارەکانیان بە خوێی چێشت، بە ئێستامانەوە ناتوانن ببەستنەوە، یا گوتی گوتی دەیان سەدەی کۆن دەگێڕنەوە، یا هەرچی تازەیە حەرامی دەکەن. ئەمانە ئاڵاکەیان ڕەشە، بەرگ و پۆشاکیان ڕەشە، دنیا و دیدیان ڕەشتر. وا دەزانن لە کوێرە دێیەکن و قسە بۆ کۆمەڵێک ڕەش و ڕوتی بێ سەواد دەکەن، نازانن ئێستا 2019 یە، نەوەیەکی نوێ تەنانەت بێزیان لە فیلمی ڕەش و سپی دێتەوە و هەر سەیری ناکەن، چ جا بۆ چیرۆکە تۆز لێنشتوەکانی سەدە ڕەشە کۆنەکان.



ئەم کچ و کوڕە لاوانەی کە حەزیان لە ڕەنگاوڕەنگیی دنیایە، سەما و موزیک و خۆشی و شادی و جەژن و گەڕان بە مافی سەرەتایی خۆیان دەزانن، دەبێت ئەو ئازادییەیان لێ زەوت نەکرێت....من دەزانم ئەو ڕەشپۆشانە داخی ئەوەیان لە هەناودایە، کە کەس گوێیان بۆ ناگرێت و دەنگی حیزبەکانیشیان ئەوەندە کەم بووە، کە باشترە دایخەن، ئەگەر شەرم و شیبایان مابێت. ئیدی هەولێر و هەرێم دەروازەی بە ڕووی جیهاندا کراوەتەوە، تازە ناتوانرێت بەرەنگاری دنیای گڵۆبالیزم بگیرێت، میللەتی زیندوش ئەوەیە کە هاوهەنگاوی جیهان بێت، لە پەیام و پێداویستییەکانی نەوەی ئەم سەردەمە....کاتی خۆی لە دوا ساڵەکانی تەمەنی عوسمانییەکان و قاجارییەکان، دوو کاتژمێرساز(سەعاتساز) لە سویسراوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوین بەڕی دەکەون، یەکێکیان دەچێت بۆ ئەسفەهان و ئەوی تریان دەچێت بۆ ئیستەنبوڵ، ئەوەی ئەسفەهان زۆر سەرسامانە لە لایەن خەڵک و دەوڵەتەوە پێشوازی لێدەکرێت، کاری خۆی دەکات و ڕێزێکی پرشکۆی لێدەگیرێت، تەنانەت دوای مردنیشی مەزارێکی جوانی بۆ دروست دەکەن؛ بەڵام ئەوەی ئیستەنبوڵ دوای مانگێک بە فیتی مەلاکان و بانگبێژەکان دەکوژرێت، چونکە وا بڵاویان کردووە، کە ئەمە کافرە و ئەم سەعاتەش خەڵک دوور دەخاتەوە لە گوێگرتن لە بانگدان، چونکە ئیتر خەڵک خۆی کاتەکانی نوێژ دەزانێت و پێویستیان بە بانگدەر نامێنیت و هەموویان بێ ئیش دەبن،، کەواتە بە هۆکاری ئایینی و بەڵام لە ڕاستیدا بۆ پول و پۆستی خۆیان ئەم کارسازەیان کوشت. ئەو نمونەیە بەسە، کە هەرچەند بەربەست بۆ زانست و مۆدێرنە دابنرێت و بەرەنگاری بکرێت، ئاڵا ڕەشەکان ڕەشایی بڵاوبکەنەوە، بەڵام مرۆڤ لە بەرەوپێشچوون ناوەستێت، ئیتر با هەربۆ خۆیان هاوار بکەن. هیوادارم هەولێر چۆن ڕەنگەکانی ڕەنگی قبوڵە، ئاواش ڕەنگەکانی دەنگ و ئایین و ئایدیاشی تێدا بەرجەستە بێت و ببێتە شارێک، کە هەموو دانیشتوانی هەرێم و عێراق شانازی پێوە بکات.....

# نهێنی لۆچەکانی ڕوخسار **
## موزەفەر عەزیز - ئەڵمانیا

ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی لە ژمارەیەکی مانگی مارتی ساڵی 2015 دا، بابەتێکی شیکاریی لەبارەی هێڵەکانی سەر ڕوخسار و لۆچیی دەموچاو بڵاوکردۆتەوە، لێرەدا بەوێنەوە دەیخەینە بەرچاوی ئێوەی هێژاو بەڕێز بەئومێدی سود گەیاندن بەهەمووان.


Das Geheimnis Ihre
Falten


نیشانم بدە چیت گەرەکە، منیش پێت دەڵێم: تۆ کێی؟!

لەپەرتووکە تازەکەیدا بەناونیسانی (ڕوانین لەپشت ماسک)ەوە،کە ئەویش هەمان ساڵ بڵاوبۆتەوە، (تاتیانە شترۆبڵ) خانمی شارەزا لەبواری هێماکانی ڕوخسار، بۆ (ڕۆژنامەی بیلد) شیکردنەوە و ئەم چەند زانیارییانەی بەیان کردووە. (بەڕیزان بەپێی وێنەکان لەسەرەوە بۆخوارەوە و لەچەپەوە بۆ ڕاست یەک بەیەک جۆرەکان باس دەکەین):

*لۆچی سەرچەناگە:- ئەمەش وەک لەوێنەکەدا دیارە دەکەوێتە ژێرەوەی لێوی خوارەوە و سەرەوەی چەناگە، ئەوکەسە، ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکات و بیری لێدەکاتەوە، یەکسەر دەیڵێ و دەریدەبڕێ، ئەمە گەربێت بەرامبەرەکەی گوێشی بۆشل نەکا و نەشیەوێ گوێشی لێبگرێت ئەو هەرقسەی خۆی دەکات، چونکە قسە قووتدانەوە بۆئەوان نەگونجاوە. باشییەکەی لەوەدایە، ئەوانە لە پەیوەندیدا زۆر تێکەڵ و کۆمەڵایەتین، هەروەها بۆ کەسانی نائاشناو بێگانەش کەمتر مایەی مەترسین.

*لۆچی پێکەنین (لای چەپ و ڕاستی چاو):- لە ڕوخساری ئەمانەدا شادی بەدیدەکرێ و وانوسراوە، ئەم پێکەنینە لەسەر لایەکانی چاو مانای ئەوەیە، خاوەنەکەی کەسێکی نەرم و نیان و مرۆڤێکی کراوەیە و بە ئەرێنییەوە لە ژیان دەڕوانێت و گەشبینە، ژیان بەسادەیی وەردەگرێت و خۆی لەکاری خەڵک هەڵناقورتێنێت، ناخزێتە نێو کەسانی تر و ئاریشەکانەوە و ناشهێڵێ تێیانەوە بگلێت.

*کەرت بوون ولۆچی نێوچەوان:- ئەو کەسانە باکیان بەکاری تازە و سەفەری سەختەوە نییە و یەکسەر دڵخۆشی و ڕەزامەندی لەسەر دەردەبڕن و پێی ڕازیدەبن، خێراش دەیانەوێ ئەنجامی بدەن، گرفتارییەکەش لەوەدایە، زوو لێی وەڕس و بێزار دەبن، هەرچەندە دەست بەئەنجامدانی زۆرشت دەکەن، بەڵام تا کۆتایی نایهێنن و تەواوی ناکەن.

*لۆچی نێوان هەردوو برۆ (ئەبرۆی پەیوەست):- ئەوانە تاک و یەکەمن، دەتوانن بڕیارە سەختەکان بەئاسانی بدەن و بەچاکی بگەنە ئامانج، هەروەها لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە لە ناکاوەکانیشدا باشن، وەک خاوەنی هێزوتوانای یەکەم دەردەکەون.

لۆچی کاتی خاوبوونەوەی ماسولکەی چاو:- کەسانێکی زۆر بێ متمانە و بڕوا بە کەس ناکەن و زۆرئاگاداری خۆیانن، پرسیار لەهەموو شتێک دەکەن، زۆر بەدەگمەن سەیری هۆکارەکان دەکەن، لەبەرامبەر ئاشنا و بێگانەشدا داخراون، چونکە بەزەحمەت باوەڕیان پێیانە، بۆیە لە هاوڕێیەتیدا بەدەگمەن هاوڕێیەکی تەواو دەدۆزنەوە.

لۆچ لەشێوەی شەترەنج(لەنێوچەواندا خانەی وەک دامە! دروست دەبێت):- ئەمەش تورەیی لەناوچەواندا نیشان دەدات، ئەمانە لەگەڵ خەڵکدا زۆربەی جار کێشەیان هەیە، لەبەرئەوە هەمیشە نائاسودە و هەست بەناڕەحەتی دەکەن، گەربێت و لەلای چەپ لۆچییەکان زێتربن، ئەوا لەژیانی تایبەتییاندا ساردییەک هەیە و گەربێت و لەلای ڕاستیش زۆرتر بێت، ئەوا پەیوەندی بەکارەکەیانەوە هەیە. پێویستە بگوترێ،لۆچی دەمی سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیاش کە بە-لۆچی مێرکل- ناسراوە، ئەمەش مانای ساردی دەگەیەنێ لەبارودۆخەکەدا.

*لۆچی نێوان برۆ و هێڵێکی ستوونی بۆسەرەوە:-ئەم لۆچە لەئاکامی تێرامان و پرسیارکردنی زۆر دێتەئارا،ئەوانە داهاتێکی باش وتوانایەکی بەهێزیان هەیەو دەکرێ متمانەی تەواویان پێ بکرێ وجێگای بڕوان،بەڵام ئاگاداربن،ئەوانە بەلای نموونەیی وکامڵبووندا دەچن و خۆیان پێ پێرفێکت و نموونەی باڵایە.

*چاڵی چەناگە-: ئەم کەسانە زۆر هەستیار و زووش بریندار دەبن، گەر بێت و لەسەر ڕووی دەرەوەش هەست بەڕوخساریان نەکرێت و ڕووخۆش ببینرێن، ئەوا لەناوەوە زۆر هەستیارن و شتگەلی زۆر لەدڵ دەگرن.

*لۆچێکی نێوچەوان کەلەشێوەی دووهێڵی تەریب و شەپۆڵ دان-: ئەمانە توانای ئۆقرە و دان بەخۆداگرتنێکی لە ڕادەبەدەریان هەیە و کاری تایبەتی و کارەکانی دەرەوەش بەتەواوی و تا کۆتایی بەئاکام دەگەیەنن، ژیانی تایبەتی خۆیان زۆر بەلاوە گرنگەو زۆر توندن و بەسانایی هاموشۆیان لەگەڵدا ناکرێ، بەداخەوە بەهۆیەوە کەمتر کاری لەپڕ و لەخۆوە دەکەن.

لۆچی پەروەردەیی-: خاوەن ئەمجۆرە لۆچانە کەسانی زۆر تێکەڵاو و هەستیارن، توانای ئەوەیان هەیە، پرسە قورسەکان لەنێو خەڵکدا بەئاسانی بخەنەڕوو و شییبکەنەوە، وەک سەرکردەیەک دێنە بەرچاوان و سەرنجی خەڵک لەسەر هەر بابەتێک بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن.

لۆچی لای چەپی چاو:- هێڵێکی لار لەلای چەپی چاو نیشانەی ئەوەیە، کە کەسەکە لە بارودۆخێکی نالەبار و سەختدا ژیاوە، یا دەژی، ئەمەش ڕەنگە لەماوەیەکی کورتدا دیسان ڕوویداتەوە، گەر بێت و لەڕووی دەروونییەوە، هەست بەچاکبوونەوە نەکات، ئەم لۆچانە لەسەر لایەکانی لووت و لەسەر دەمیش دەبینرێن، هەموو ئەمانەش ئاماژەن، کە ئەوکەسە سترێسێکی زۆری سۆزداری هەیە، بەهۆیەوە هەست بەژانی دڵ و خەمۆکی دەکات.

# له یادی مامۆستا سه‌لام مه‌نمی دا



بەشیکی ئەم نوسینە و وێنەکان لە نوسینێکی مامۆستا (م. ئارام)ەوە وەرگیراوە.

لە ڕۆژی 2015/04/09 دا، نوسەری کورد مامۆستا سەلام غەفور ڕەزا ناسراو بە (سەلام مەنمی) بە هۆی نەخۆشییەکی سەختەوە گیانی سپارد. ساڵی 1937 لە دێی بارۆیی لای بازیان لەدایک بووە، لای مەلا غەفوری باوکی کتێبە ئاینییەکان خوێندووە و ساڵی 1959 بە نیازی درێژەدان بە خوێندن چۆتە میسر، تا لە زانکۆی ئەزهەر بخوێنێت، بە هۆی سیاسەتی ناڕەوای ئەوکاتەی دەسەڵاتدارانی میسرەوە، سەبارەت بەو خوێندکارانەی لە عێراقەوە چوون، لە ساڵی 1960دا ئەگەڕێتەوە و لە شاری بەغدا لە کۆلێجی شەریعە وەدەگیرێت و بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەردەگرێت. امۆستا سەلام مەنمی 22 ساڵ لە قوتابخانەی ناوەندییەکانی شاری سلێمانی وانەی عەرەبی دەڵێتەوە. لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا دێتە بواری ئەدەبەوە و بە زمانێکی پاراوی کوردانە و خۆمانە دەست دەکات بە نووسین و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی کورت و درێژ و چیرۆک بۆ منداڵان و دەقی فۆلکلۆری و لێکۆڵینەوە. مامۆستا سەلام مەنمی ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە:

جوتیارێکی کۆڵنەدەر- نۆڤلێت ١٩٧١

چەکەرە بە هاوبەشی ڕەووف حەسەن و فوئاد محەمەد ئەمین، ١٩٧٣

گلێنەی گۆڕیچەدراو -نۆڤلیت ١٩٧٤

گێژاو - کورتە چیرۆک ١٩٧٦

چوزەرەی بن پەردوو- نۆڤلێت ١٩٧٩

شەن -کورتە جیرۆک ١٩٨٥

ئەستێرەکان - بە هاوبەشی چەند چیرۆکنووس و شاعیرێکی تر ١٩٨٨

بەختیاری- کورتە چیرۆک ١٩٨٨

زمناکۆ ڕۆمان - ١٩٨٨

بەراوردی دە ئەفسانە و چیرۆکی میللی و بیانی- ١٩٩٩

چەند بابەتێک دەربارەی کەلەپووری نەتەوەی کورد- ٢٠٠٠

چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆریی پەندئامێز

سنوورەکانی جیهان - ڕۆمان ٢٠٠٥

بیابانی سوور و مەملەکەتی عەزیا- ٢٠٠٧

شوانە بچکۆلەکان چیرۆک بۆ منداڵان ٢٠٠٧

یاسا سپییەکان- ٢٠٠٩

چۆلەکە و بەفر - چیرۆکی منداڵان - ٢٠٠٩


ژن لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا - ٢٠١٤

منداڵی ژیر - چیرۆک بۆ منداڵان


خاڵخاڵۆکە - چیرۆک بۆ منداڵان

لەبارچوونی ئاهەنگەکان کۆمەڵە چیرۆک(چاپ نەکراوە).

# ماڵی ئێمە (مەریوانی) و جبران خلیل جبران: نووسین بە خوێناوەی دڵ!



ئەوڕۆ، 2019-04/10, یادی دواماڵئاویی نووسەر، وێنەکێش و ڕۆشنبیری بەڕەچەڵەک لوبنانی-ئامریکی (جبران خلیل جبرانە- 1883) لە لوبنان لە خێزانێکی هەژار هاتۆتە دونیاوە.



**گۆران مەریوانی شاعیر و نوسەر**

باب: قومارچی، شەڕکەر و ئالکهولیست، دایک: باوەژنێ کە دوو شووی تری کردوە، بۆترۆس لەیەکێ لە مێردەکانی پێشووی، بەڵام سوڵتانە، ماریانا و جبران-یش لە خلیل کە مێردی سێهەمێتی. بابیان لەلایەن عوسمانلیەکانەوە زیندانی دەکرێ، ئەوانیش بە هۆی نەداریەوە کۆچدەکەن بۆ ئامریکا و لەبۆستن دەژین، دایکیان ڕەندو جوامێر بە دەستگێڕی و دواجار دوکانداری منداڵەکانی پێدەگەیێنێت، فرەیان، بە جبران-یشەوە بە نەخۆشی کوشندە دەمرن، بەرهەمی ئەو بۆ 100 زمان وەرگێڕدراوە، شیعر و سرووتەکانی لە کڵێسا، زەماوەند، ئاهەنگ تا ئێستا برەوی هەیە، بە هەردوو زمان:عارەبی و ئینگلیزی نووسیویەتی. پەیامبەر ، لە دیدی خوێنەرانیەوە، باشترین و بەنێوبانگترین کتێبی ئەوە. ئەمن دەماڵێکدا گەورەبووم، فرەگەلێ لە کتێبەکانی جبران بە وەرگێڕانی کاکم، دڵشاد مەریوانی، کە عارەبیزانێکی دانسقە بوو، تێدابوو، هەر لە تەمەنێکی وردەوە، بە دەستخەتە جوانەکەی ئەو جبران-مان دەخوێندەوە پێش ئەوەی زمانی تر شارەزابین و عارەبی ڕەوان بزانین. ئەو بەرهەمە وەرگێڕاوانە، بەداخەوە، پێدەچێ فەوتابێ دەمی گرتن و گومڕاکردنی قەدەری ئەو 1989، هەندێ (دۆست) چەند بەرهەمێکیان لە کنە، لێ تا ئێستا ئامادەنین بیگەڕێننەوە ماڵمان. کاکم هێندە جبرانی لەبەردڵان بوو تەنانەت دیوانی یەکەمی، دەمی نەوجەوانی، بەنێوی کتێبێکی جبرانەوە ناوزەدکردوە: دمعة و ابتسامة: فرمێسک و زەردەخەنە! ئەمن لە پێشەکی دیوانەکەمدا، ئامادەیە بۆ چاپ، بە تولانی لایەک لەو گۆشەیە دەکەمەوە. ماوەتەوە بڵێم، ئەودەم چی لە جبران فێربووم:( نووسینێ بە مەرەکەب بنووسرێ گەلێ جودایە لە نووسینێک کە بە خوێناوی دڵ دەنووسرێ)! بە خوێنی دڵ بنووسە، یان هەرگیز قەڵەم مەخەرە سەر کاغەز !

# هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## هیوا عبدالله

لە ساڵی 1947 لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووە، بەهۆی ئیشوکاری فەرمانبەری باوکییەوە، ژیانی منداڵی لە چەندین شار و شارۆچکە گوزەراندووە. هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە، خولیای کاری هونەری تێیدا چەکەرەی کردووە و بەهرەی  وێنەکێشان و ئیشی دەستی تێدا دەرکەوتووە. ساڵی 1972 ئاکادیمیای هونەرەجوانەکانی زانکۆی بەغداد، بەشی سیرامیکی بە پلەیەکی باش تەواو کردووە. پاش خوێندنیش هەر لەسەرەتای ساڵانی حەفتاوە، سەرقاڵی کاری هونەری سیرامیک بووە، ئەو کاتانە لەبەر نەبوونی کەرەستە و ئامێری سیرامیک، هەوڵێکی زۆر و تایبەتی داوە، بۆ دابینکردنی ئامێر و کەرەستەکانی، کە لە ستۆدیۆی سیرامیکدا پێویستن، هەرلە دروستکرنی چەرخ و کورەی سیرامیک، توانیوێتی بەشێوەیەکی ساکار دروستیان بکات، بە هاوکاری هاوڕێی نزیکی خۆی، هونەرمەند مامۆستا قادر میرخان، کە پێکەوە بەردەوام کاریانکردووە، مامۆستا هیوا یەکەم پێشانگای سیرامیکی تایبەتی لە ساڵی 1981دا لە قوتابخانەی گۆیژەی کچان لە سلێمانی، دووهەم پێشانگای سیرامیکی تایبەتی لە ساڵی 1989 لە هۆڵی مۆزەخانە لە سلێمانی، سێهەم پێشانگای سیرامیکی تایبەت لە ساڵی 2011 لە هۆڵی شپارکاسە لە شاری (فریدریشسهافن) لە ئەڵمانیا و  چوارهەم پێشانگای سیرامیکی تایبەتی لە ساڵی 2012، لە هۆڵی مۆزەخانە لە سلێمانی کردۆتەوە. هەروەها بەشداری کۆمەڵێک پێشانگای هاوبەشی کردووە، گشت پێشانگاکانی هونەرمەندانی سلێمانی لە ساڵی 1973ەوە، هەروەها بەشداری دوو پێشانگای هاوبەشی لە وڵاتی ئەڵمانیا لەگەڵ گروپی پێنتەرای کردووە، یەکەمیان ساڵی 2011 لە شاری  تێتنانگ، ئەوی دیکەیان لە ساڵی 2015 لە شاری ڤەسەربۆرگ لە ئەڵمانیا. لە ساڵی 1980 دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرە جوانکانی سلێمانی بووە، تا ساڵی 1993. ساڵی 1995 کوردستانی بەجێ هێشتووە، لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە، ساڵی 2010 سەر لەنوێ ستۆدێویەکی سیرامیکی بەدەستهێناوە و تا ئێستا لەو وڵاتە بەردەوامی بە کارە هونەرییەکانی خۆی داوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/hiwa.abdulla.9/photos_albums?sk=wall&lst=100001818168085%3A100002016424637%3A1554680792


















# تــاراوگــه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807